# هاووڵاتیانی عەربەت.. لە سنوورەکەدا بەگشتی کێشەی ئـــ

- گەڕەکی عەربەتی کۆن لەزۆربەی خزمەتگوزارییەکان فەرامۆشکراون
- زۆربەی کۆڵان و شەقامەکان کۆنکرێت و قیرتاو نەکراون
- بەشێکی زۆری خانووەکان تا ئێستاش تاپۆیان نییە



## ـــاویخواردنەوەمان هەیە



عەربەت کەناسـراوە بە ناحیەی تانجەرۆ لەسـاڵی ١٩١٩ بووە بە ناحیەو ٧٦ گوند لەخۆ دەگرێت، لەم چەند ساڵەی دواییدا گەشەسـەندنێکی فراوانی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش بۆ نزیکایی لەسـەنتەری شاری سـلێمانی دەگەڕێتەوە کە تەنیـا ١٤ کیلۆمەتر لێوەی دوورە، ژمارەی دانیشـتوانی سەرجەم ناحیەکە نزیکەی ٤٧ هەزار کەسی لێ نیشتەجێیە، عەربەت پێشـتر بەناوچەیەکی کشتوکاڵی ناسرابوو بەڵام ئێسـتا بـەرەو ناوچەیەکی پیشەسـازی دەچێت، چونکە زۆربەی زەوییەکانی لەسـەر ماستەرپلانی سلێمانی رووەو پرۆژەکانی پیشەسـازی دەچێت. وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان لەسەردانێکماندا بۆ ناحیەی تانجەرۆ چەند هاووڵاتیەکمان دواندو ئـەو رەخنـەو داواکارییەی هاووڵاتیـان و چەند پرسیارێکی ترمان رووبەڕووی (هۆشیار مستەفا) بەڕێوەبەری ناحیەی تانجەرۆ کردەوە.

**بەڕێوەبەری ناحیەی عەربەت (تانجەرۆ):**

# گرفتی کەمی بینایەی قوتابخانەو نەبوونی نەخۆشخانەمان هەیە















### هاووڵاتیان چاوەڕوانی پرۆژەکانی خزمەتگوزارین

نەبوونی خزمەتگوزارییە پێویستەکان بەیەکێك لەو کێشەو گرفتە سەرەکییانە دادەنرێت کە هاووڵاتیانی ئەم ناحیەیە لەچاوەڕوانی چارەسەرکردنین بەتایبەتی لەگەڕەکەکانی عەربەتی کۆن، لەمبارەیەوە لە گەڕەکی ئاشتی هاووڵاتی نەبەز قادر وتی:( کەموکوڕی خزمەتگوزاری لەهەموو شارۆچکەکە هەیە بە تایبەتی لەو گەڕەکانەی تازە بنیادنراون لەگەڵ گەڕەکەکانی عەربەتی کۆن، لە گەڕەکەکەی ئێمە ئاویخواردنەوەمان بەپێی پێویست بۆ دابین نەکراوەو شۆستەو شەقام و کۆڵانەکان چاك نەکراون و زۆر بێسەروبەرن. چەندین ساڵیشە داوا دەکەین قیرتاو و کۆنکرێت کردنی ئەو شەقام و کۆڵانانە بخرێتە بەرنامەو پلانی حکومەتەوە. هاوکات ئەم هاووڵاتییە باسی لەگرفتی کۆکردنەوەو گواستنەوەی زبڵوخاشاك کرد کە بەپێی پێویست شارەوانی بەئەرکی خۆیان هەڵناسن هۆکارەکەشی بۆ کەمی کرێکار و ئامێری زبڵ کۆکردنەوە گەڕاندەوە. هەروەها باسی لە نەبوونی سەنتەرەکانی لاوان و ڕۆشنبیری کرد کە وایکردووە لەهاوینان قوتابیان و لاوانی ئەم شارۆچکەیە نەتوانن مومارەسەی حەزو خولیاکانیان بکەن. هەر سەبارەت بەکێشەی خزمەتگوزاری هاووڵاتی هێمن فایەق وتی: کێشەی خزمەتگوزاری لەناحیەکەمان زۆرە، هاوکات هەندێك کێشەش هەیە کە تایبەتە بەگەڕەکێکەوە وەك ئەو کێشەیەی ماوەیەکە ٢٣ ماڵ بەدەستییەوە دەناڵێنین و خەریکە لەسەری کۆڵانەکە پارچە زەوییەك بکرێتە خانوو کە سەر ڕێگای ئەو ماڵانەیە بەمەش سەری کۆڵانەکە دەگیرێت و ناتوانین هاتوچۆی تێدابکەین، هەربۆیە داواکارین حکومەتی هەرێم مشوری چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەمان بۆ بخوات. لە گەڕەکی قەڵاتیش هاووڵاتی محەمەد عەلی وتی: ئێمە کێشەی دووری قوتابخانەمان هەیە و لەکاتی هاتوچۆی منداڵەکانمان بەتایبەتی لە وەرزی باران و زستان تووشی زەحمەتی و ماندووبوونێکی زۆر دەبن، بەتایبەتی لەناحیەیەکدا کە هەموو شەقام و کۆڵانەکان قیرتاو و کۆنکرێت نەکراون، لێرەدا داواکارین لە حکومەت و شارەوانی لەڕیزبەندی پرۆژەکاندا قیرتاو و کۆنکرێتکردنی کۆڵان و شەقامەکانی گەڕەکەکەمان بۆ بخەنە ڕیزبەندی بەرنامە و کارەکانییان. یەکێك لەو گەڕەکانەی زۆر فەرامۆشکراوە گەڕەکی عەربەتی کۆنە هەربۆیە لەسەردانێکماندا بۆ ئەو گەڕەکە هاووڵاتی سیروان کانەبی وتی: عەربەتی کۆن لە هەموو بوارەکانی خزمەتگوزاری فەرامۆشکراوە و خەڵکەشی زۆر هەژارو کەمدەرامەتن یەکێك لەو لایەنانەی زۆر بێزاری کردووین کۆنەکردنەوەی زبڵوخاشاکی گەڕەکەکەیە بەپێی پێویست و خراپی و بێسەروبەری کۆڵانەکانەو نەبوونی شۆستەو باخچەو پانتایی سەوزایی لە گەڕەکەکەدا، هەرچەندە هەموو عەربەت ئێستاکە بەناوبانگە بەوەی کە دارودرەختی زۆر کەمەو باخچەیەکی گەورەی نییە، لەلایەکی تر سووتاندنی زبڵوخاشاك لە دەوروبەری ناحیەکە سەرتاپای ئاسمانی عەربەت دەکاتە دوکەڵ و ژینگەکەی پیسکردووە، ئەمەش پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە بەتایبەتی دوورخستنەوەی زبڵەکە، ئێستا دەتوانم بڵێم سەنتەری ناحیەکە بە وەرزی هاوین وەکو نیمچە بیابانێك وایەو خەڵکی کەدێتە ناو گەڕەکەکان دڵتەنگ دەبێت. هەر لە عەربەتی کۆن سەبارەت بەگرفتی ئاویخواردنەوەو خراپی کۆڵان و شەقامەکان هاووڵاتی فەهیم محەمەد وتی: هەندێ ڕۆژ ئاومان بۆ نایەت و کۆڵانەکەمان زۆر خراپە و پێویستی بەچاککردن و قیرتاوکردن هەیە و شارەوانیش هەموو ڕۆژێك زبڵوخاشاکی ماڵەکان کۆناکاتەوە، بەم هاوینەش ئەگەر زبڵ بمێنێتەوە بۆگەن دەکات و خەڵکەکە هەراسان دەبێت لەبەر بۆن و مێش و مەگەز. هاووڵاتی نادر ڕەسولیش سەبارەت بە تاپۆنەکردنی خانووەکانیان وتی: ناحیەکەمان بەپێی پێویست ئاوری لێنەدراوەتەوەو کەموکوڕی خزمەتگوزاری زۆرە، تا ئێستاش بەشێکی زۆر لە خانووەکانمان تاپۆیان نییەو قوتابخانەکانمان دوو، سێ دەوامین و پێویستمان بە بینایەی تری قوتابخانە و نەخۆشخانە هەیە، چونکە

**ئەو خانووانەی لەعەربەت تاپۆیان نییەو کاریگەرییان لەسەر نەخشەی بنەڕەتی شارەوانی نییە هەوڵی ئەوە دەدرێت بۆیان تاپۆ بکەین .**





ئێستا لەو ٢ بنکە تەندروستییەی کە هەیە پزیشکی پسپۆڕو نەشتەرگەری ئافرەتانی نییەو داودەرمانی کەمەو پشکنینەکانی بۆ نەخۆش پێویستن لە نەخۆشخانەی عەربەت نییەو دەبێت بۆ زۆربەی حاڵەتەکانی نەخۆشی و پشکنین بچینە سلێمانی، لەلایەکی ترەوە عەربەت پێویستی بە باخچەی ساوایان و باخچەو پارکە لەم لایەنانە بەتەواوی فەرامۆشکراوین. هەر سەبارەت بەکەموکورتی کەرتی تەندروستی و پەروەردە هاووڵاتی ڕەمەزان مەجید هەمان قسەی کرد بەوەی پێویستە چەند پزیشکێکی پسپۆڕ و شارەزا بۆ بنکەی تەندروستی عەربەت دابین بکرێت و ژمارەیەکیش لە پرۆژەی بینایەی قوتابخانە جێبەجێ بکرێن، سەبارەت بەجوانکردنی ناحیەکەش ئەم هاووڵاتییە داوای لەشارەوانی کرد لەوەرزی دارودرەخت چاندن هەڵمەتێکی فراوان بۆ چاندنی نەمام و درەخت بکرێت و ناوچەی سەوزایی و دروستکردنی باخچە ئەنجام بدەن، هەروەها داواشی کرد ناوچەی پیشەسازی لەدەروازەی شار دووربخرێتەوەو بۆ جوانکاری و کەمکردنەوەی قەرەباڵغی و پاراستنی ژینگەی شوێنێکی شیاو بۆ ناوچەی پیشەسازی دابین بکەن و ئەو کارگەو پیشەوەرانەش بگوازنەوە.

**بەتەنکەر ئاو بەسەر ئەو گوندانە دابەش دەکرێت کە کێشەی ئاویخواردنەوەیان هەیە.**

بۆ بەدواداچوون لەسەر گلەیی و داواکاریی خەڵکی سنوورەکە بەتایبەتی سەنتەری ناحیەکە چەندین پرسیارمان لەسەر کێشەو کەموکوڕی خزمەتگوزارییەکان ڕووبەڕووی هۆشیار مستەفا بەڕێوەبەری ناحیەی تانجەڕۆ کردەوە کە پوختەی وەڵامەکانی لێرەدا بڵاودەکەینەوە.

### فراوانبوونی عەربەت و نەبوونی پرۆژەی گەورەی ئاویخواردنەوە

سەبارەت بەبوونی کێشەو گرفتەکان بەڕێوەبەری ناحیەی تانجەرۆ پاڵپشتی قسەکانی هاووڵاتیانی کردوو لەمبارەیەوە وتی: هەر لەسەرەتاوە لەناوچەی عەربەت کێشەو گرفتی زۆر بوونیان هەبووە، هەر لەنەبوونی پرۆژەی گەورەی ئاویخواردنەوەو قیرو کۆنکرێتکردنی شەقام و کۆڵانەکان تا مەسەلەی تاپۆکردنی خانوو، ئەمە جگە لەگرفتی کەمی بینایەی قوتابخانە، ئێستاکە هەوڵەکانمان بەردەوامە بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم ئەو گرفتانە. هەروەها نەخشەی بنەڕەتیمان هەیە، بەڵام ناحیەکە ماستەرپلانی نییە لەگەڵ فراوانبوونی سەنتەری ناحیەکەش لەڕێگای شارەوانییەوە کار کراوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەستکراوە بە کوژانەوەی سەدان دۆنم زەویی کشتوکاڵی و خاوەنی زەوییە کشتوکاڵییەکانیش بەپێی یاساو ڕێنماییەکان قەرەبوو کرانەوە، لەبواری زێدەڕۆیش ئێستا کۆنترۆڵی ئەو دیاردەیە لە عەربەت کراوە یەکێك لەو شوێنانەی زێدەڕۆیی تێدا کراوە عەربەتی کۆنە، بەڵام ئەو زێدەڕۆیانەش گەربێتوو لەگەڵ نەخشەی بنەڕەتی شارەوانی نەگونجێت کاری یاساییان بۆ ناکرێت، چونکە هەر زێدەڕۆییەك لەناحیەکە کرابێت پێویستە لەگەڵ نەخشەی بنەڕەتی بگونجێت و کاریگەری لەسەر کۆڵان و دیزاینی گەڕەکەو شوێنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان نەبێت، ئەو کات دەتوانرێت بەپێی ڕێنمایی و یاساوە بەسەر خاوەنەکانیان تاپۆ بکرێت، بۆ ئەو خانووانەش کە تاپۆیان نییە، هەوڵ و گفتوگۆ لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران دراوە کە بۆیان تاپۆ بکرێت.

### گرفتی کەمی بینایەی قوتابخانە

سەبارەت بەکێشەکانی کەرتی پەروەردە بەڕێوەبەری ناحیە وتی: لەبواری خوێندن عەربەت کێشەو کەموکوڕی زۆری هەیە، گرفتی کەمی قوتابخانەکانمان هەیە، بەڕادەیەك دوو دەوام و سێ دەوامی لەقوتابخانەکانی عەربەت بوونی ماوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەو وەك هەنگاوێکی کاتی کابینەمان بۆ هەردوو ئامادەییەکە دابینکردووەو لەمانگی ٩ی ئەمساڵیشدا قوتابخانەیەکی ١٨ پۆلی تەواو دەبێت، هەروەها قوتابخانەیەکی تری ١٨ پۆلی لە عەربەتی خوارەوە دەست بەدروستکردنی دەکرێت، بەڵام بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن سوودی لێوەرناگرین بەڵکو بۆ خوێندنی

**هاووڵاتیان نیگەرانن لەنەبوونی پزیشکی پسپۆڕ بە نەشتەرگەری و ئافرەتان. تەنانەت ئەو پشکنینانەی کە بۆ نەخۆش پێویستن لە نەخۆشخانەی عەربەت نییە.**





٢٠١٣- ٢٠١٤ سوودی لێوەردەگرین، ئەمانەش چارەسەری تەواوی کێشەی کەمی بینایەکانی قوتابخانەکان ناکات، بەڵکو پێویستە هەر لە ئێستاوە لەم ساڵەدا هەنگاوی خێراو فراوان و جیدی بنرێت تاوەکو لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی قوتابی بینایەی قوتابخانە دروست بکرێت بەتایبەتی قوتابخانەیەکی ١٨پۆلی بۆ عەربەتی خواروو دروست بکات. هاوکات لەهەندێ گوندی سنوورەکەش کێشەی بینایەی قوتابخانەمان هەیە کە زۆر پێویستە چارەسەر بکرێت، هەروەها وەکو هەموو شوێنکی تری ئەو هەرێمە کێشەی میلاکاتی مامۆستامان هەیە کە لەگەڵ ئەو قوتابخانە ١٨پۆلییەی لە عەربەت دروستکراوە کە دەبێتە قوتابخانەیەکی ئامادەیی بەشی وێژەیی و زانستی کە هەموو پێداویستییەکی خوێندنی تێدا فەراهم کراوەو دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە پەروەردەی سلێمانی لە چوارچێوەی دامەزراندنی ئەمساڵدا مامۆستاو میلاکاتی بەپێی پێویست بۆ دابمەزرێنێت.

## گرفتی کەرتی تەندروستی

سەبارەت بە کێشەو کەموکوڕیەکانی کەرتی تەندروستی بەڕێوەبەری ناحیەی تانجەڕۆ وتی: لە ناو سەنتەری شارۆچکەی عەربەت دوو بنکەی تەندروستی هەیە کە یەکێکیان گەورەیە، سەرەڕای ئەوەی ئەو بنکانە ٤پزیشکی لێیە، بەڵام هێشتا لە ڕووی پزیشکی پسپۆڕ و نەشتەرگەری و ئافرەتان و هەندێ پشکنین و داودەرمان کەموکوڕی هەیە و لەلایەکی تر پێویستمان بە نەخۆشخانەیەکی قەرەوێڵەیی هەیە بۆ ئەو مەبەستەش داوامان بۆ لایەنی پێوەندار بەرزکردۆتەوە کە نەخۆشخانەیەکی ٤٠ قەرەوێڵەیی لە عەربەت دروست بکەن و لەڕووی تەندروستیەوە بۆ گوندەکان بەپێی سیستەمی کۆن و ئەوەی لەلایەنی بەرپرس هەیە کە بەهەر چەند گوندێك پێویستە بنکەیەکیان بۆ بکرێتەوە بەمەرجێك دووری گوندەکان لە بنکەکە ٥تا ٨کیلۆمەتر زیاتر نەبێت، هەروەها لەسەر بودجەی پەرەپێدانە داوامانکردووە کە بنکەیەکی تەندروستی لە گوندی قسر کە کۆمەڵە گوندێکی لێ نزیکە دروست بکرێت.

## کێشەی کەم ئاوی

سەبارەت بە کێشەی کەمئاوی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو لایەنە گرنگەی کە پێوەندی گرنگ و ڕاستەوخۆی بە خەڵکەکەوە هەیە بەڕێوەبەری ناحیەی تانجەڕۆ وتی: لەبواری ئاویخواردنەوەدا عەربەت و سنوورەکە بەگشتی کێشەی ئاومان هەیە، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سنوورەکە وشکە و ئاوی ژێر زەوی ئاستی زۆر نزمە و شارۆچکەی عەربەت بۆ ئاویخواردنەوە پشتی بە ئاوی بۆسانسور بەستووە و هەر کاتێك ئاوی بۆسانسور وشك بکات هەر وەکو ساڵانی وشکە ساڵی ئەوە عەربەتیش بێ ئاو دەبێت و زەڕاین و هەڵەبجەی تازەش لەسەر ئاوی بۆسانسۆرە، بەڵام لەکاتێکدا ئاو بۆ زەڕاین و هەڵەبجەی تازە لە دەریاچەی دەربەندیخانەوە بێنن ئەوە ئێمە کێشەی ئاویخواردنەوەمان نامێنێت تەنیا لە کاتی وشکەساڵی و وشك کردنی ئاوی بۆسانسۆر نەبێت. هەروەها ئێمە ناتوانین پشت بە بیر ببەستین، چونکە بیرمان لێداوە ئاوەکەی سوێرو تاڵە. لە هەندێ گوندیش کە کێشەی نەبوون و کەمی ئاویان هەیە بەتانکەر ئاویان بەسەر دابەش دەکرێت. بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەم ئاوی ئەو گوندانە ڕەزامەندی پارێزگارو لایەنی بەرپرس وەرگیراوە کە بیریان بۆ لێبدرێت و بودجەش بەپێی پێویست بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە تەرخانکراوە.

## ٥٠٪ی کێشەی ئاوەڕۆ چارەسەر دەکەین

هاوکات لەبواری ئاوەڕۆوە کێشە لە عەربەت هەیە، بۆیە ئێستاکە دوو پڕۆژەی گەورەی ئاوەڕۆ لەژێر ئەنجامدانە کە لەسەر بودجەی نەوتی ساڵی ڕابردووە کە بەشێکی ئەو پڕۆژانە کەوتۆتە گەڕەکی فەرمانبەران و سەروەران و بەشێکیشی لە گەڕەکی ئاشتییە کە ئێستا کاری تێدا دەکرێت و بەپێی بەرنامەکە ئەو پڕۆژەیە پێش هاتنی وەرزی زستان دەبێت تەواو بێت و بەتەواوبوونی ئەو دوو پڕۆژەیە لە٥٠٪ی کێشەی ئاوەڕۆی ناحیەکە چارەسەر دەبێت. هەروەها ئەمساڵ بەبڕی بودجەی ٤ملیار و نیو دینار پڕۆژەمان داواو پێشکەش بە حکومەت و لایەنی پێوەنداری کردووە، لەلایەکی تر ئێمە تا کێشەی پڕۆژەکانی ژێر زەوی وەکو ئاو و ئاوەڕۆ تەواو چارەسەر نەکەین دەست بە پڕۆژەکانی سەر زەوی وەکو شۆستەو قیرتاو و کۆنکرێت ناکەین و لەهەر شوێن و گەڕەك و کۆلانێك پڕۆژەکانی ژێر زەوی جێبەجێکرا ئەوە ڕاستەوخۆ دەست بە کارو پڕۆژەی شۆستەو قیرتاو و کۆنکرێتی شەقام و کۆڵانەکان دەکەین .

### بەشێوەیەکی ناتەندروست زبڵ و خاشاك فڕێ دەدرێت

سەبارەت بە کۆکردنەوەو خۆڕزگارکردن لەزبڵوخاشاك لە ناو سەنتەری شارۆچکەکەدا بەڕێوەبەری ناحیەی تانجەرۆ وتی: لە شارەوانی ژمارەیەك کرێکارمان بە گرێبەست دامەزراندووەو هەرچەندە ژمارەی کرێکارەکان کەمە، بەڵام ئەو کرێکارانە بەچەند تیمێك ڕۆژانە هەڵدەستن بە کۆکردنەوەی زبڵوخاشاکی ناو سەنتەری ناحیەو گەڕەکەکان و لەپاشان دەیگوازنەوە بۆ دەرەوەی شارۆچکەکە و بە شێوەیەکی ناتەندروست خۆ لە زبڵوخاشاکەکە رزگار دەکەین و زیاتر کارەکە بە سووتاندنی زبڵەکەیە کەئەمەش دوکەڵێکی زۆر بڵاودەکاتەوەو هۆکاری سەرەکی پیسبوونی ژینگەی سنوورەکەیە و ئەو سیستەمەی تا ئێستا لەلایەن شارەوانییەوە بۆ کۆکردنەوەو خۆڕزگارکردنی زبڵوخاشاك بەکاردێت کۆن و تەقلیدیە کە ئەمەش کێشەی بەشی زۆری هەرێمی کوردستانە لەمبارەوە بۆیە بە پێویستی دەزانین ئەو لایەنە خزمەتگوزارییە گرنگە بە کەرتی تایبەت و کۆمپانیای شارەزاو خاوەن ئەزموون بدرێت و کارگەیەکی ڕیسایکلینیش لە سنوورەکە یا لەنزیك سنوورەکە دابمەزرێنین، سەبارەت بەو کرێکارانەی کە گرێبەستن لەماوەی ڕابردوو کە جێگری سەرۆکی حکومەت سەردانی کردین داوامان لێی کرد کە ئەو کرێکارانەمان بۆ دابمەزرێنێت بە شێوەی هەمیشەی کە سوودی بۆ ئێمەو شارەکەو کرێکارەکانیش هەیەو لەمبارەشەوە ڕەزامەندی دەربڕی.

**عەربەت ئێستاکە بەناوبانگە بەوەی کە دارودرەختی زۆر کەمەو باخچەیەکی گەورەی نییە.**

لەلایەکی تر عەربەتی کۆن کە ناوەندی ئەو شارۆچکەیە بووە هیچ کارو پرۆژەیەکی بۆ نەکراوە بۆیە لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا یەك ملیار دیناری بۆ کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی تەرخانکراوەو ماوەتەوە سەر شارەوانی کە دەرخستەو رووپێوی بۆ ئەنجام بدات لەپاشان کارو پرۆژەکانی عەربەت دەست پێ دەکات.

### نەبوونی دەسەڵاتی دارایی کاروبارەکانمانی پەکخستووە

سەبارەت بە دابەزاندنی دەسەڵات بەتایبەتی دەسەڵاتی کارگێڕی ودارایی بەڕێوەبەری ناحیەی تانجەرۆ وتی: من لەگەڵ ئەوەدام کە دەسەڵاتەکان لامەرکەزی بێت و لەسەرەوە بۆ خوارەوە دابەزێت، چونکە بەدابەزاندنی دەسەڵات ئیش و کارەکان خێراترو باشتر بەڕێوەدەچێت و ڕۆتینیش لەبەر دەمی کارو پرۆژەو هاووڵاتیان کەم دەبێتەوە و لەکاتی کە وەزارەت و لایەنە پێوەندارەکان داوای پرۆژەکان دەکەن ئێمە بەپێی پێویستی ناحیەو سنوورەکە ڕیزبەندی پرۆژەکان دیاری دەکەین و بۆیان دەنێرین، ئەوانیش کاری خۆیانی لەسەر دەکەن و بودجەکەی دیاری دەکەن، بەڵام پەسندکردنی بودجە کە دوادەکەوێت هەر وەکو ئەمساڵ وا دەکات کارو پرۆژەکان دوا بکەوێت یا ئەمساڵ لەلایەن وەزارەتەکانەوە هیچ پرۆژەیەك ئەنجام نەدرێت، گەرچی کارو پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان لەکات و ساتی خۆی کاری لەسەر دەکرێت و جێبەجێ دەبێت، هەروەها نەبوونی ئەندازیار لە یەکە ئیدارییەکان کاریگەری خراپی لەسەر کارو ئیشەکان هەیە. لەلایەکی تر لە هەموو کارو پرۆژەیەك بۆ ناحیەکە و سنوورەکە لەسەرەتای پرۆژەکەو لەکاتی ئەنجامدانی پرۆژەکەو لە تەواو بوون و وەرگرتنی پرۆژەکەش پرس بە ئێمە وەکو بەرپرسی یەکەی ئیداری دەکەن و ماف و هەقیش بە ئێمە دەدەن کە بەدواداچوون لەسەر پرۆژەکانیش بکەین. هەروەها نەبوونی دەسەڵاتی دارایی و نەبوونی بودجەیەك بۆ هەندێ کارو پرۆژەی بەتایبەتی بۆ گۆڕینی بۆڕیەکی ئاو یا کرینی پێداویستیەك بۆ قوتابخانە یا بۆ مزگەوتێك پێویستە چارەسەر بکرێت، بەڵام ئێستاکە تەنیا دوو ملیۆن دینار دەرماڵەی خەرجی ناو یەکە ئیدارییەکەمان هەیە کەئەمەش بەشی هیچ ناکات.

